# دەنگی بێدەنگی

شیعر و گۆرانی: پاوڵ سایمۆن
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)



پاوڵ سایمۆن

سڵاو ئەی هاوڕێی دێرینم تاریکی
هاتووم هەتا جارێکی تر لەگەڵتا بدوێم
چونکە ڕوئیا بەنەرمی دەلەنگێتەوە
تۆوەکانی خۆی بەجێهێشت ئەو ساتانەی کە نووستبووم
ئەو ڕوئیایەی لە نێو مێشکمدا چێنرا
ئێستاش ماوە لە میانی دەنگی بێدەنگی

لە خەونە ماندووەکانمدا بەتەنیایی هەنگاوم دەنا
بە شەقامە بەردین و بەرتەنگەکان
لە ژێر خەرمانەی مانگ و گڵۆپی شەقامدا
بەرۆکی خۆم ڕووەو سەرما و شەونمەکان وەرچەرخان
وەختێ چاوەکانم بەرپروشەی تیشکی نیۆن کەوتن
ئەوە شەوی دوو لەت کرد و
لەمسی دەنگی بێدەنگی کرد

لە میانی تیشکە ڕووتەکاندا دەیان هەزار کەسم بینی
خەڵك دەئاخڤان بەبێئەوەی قسان بکەن
دەیانبیست بەبێئەوەی گوێ بگرن
ئەو گۆرانیانەیان دەنوسیەوە کەوا هەرگیز نەدەبیستران
کەسێك جەسارەتی نەکرد
تەنگ هەڵچنێ بە دەنگی بێدەنگی

ووتم وانیە تۆ نازانی بێدەنگی وەکو شێرپەنجە گەشە دەکا

**گوێ لەم وشانەم بگرە کە دەشێت فێری تۆیان بکەم**
**دەستم بگرە تا پێت بگەم**
**بەڵام وشەکانم وەکو دڵۆپە باران**
**دادەکەن و**
**لەنێو بیری بێدەنگیدا دەنگ دەدەنەوە**

**مرۆڤەکان پاڕانەوە و سوجدەیان برد**
**بۆ نیۆنی دەستکردی خوا**
**کەهێمای درەوشانەوەی مەترسیە لە وشەدا**
**هێماکەش دەڵێ"وشەکانی پێغەمبەران لەسەر دیواری تونێڵەکانی ژێر زەوی و**
**هۆڵی باڵەخانەکاندا نووسراون و**
**لەنێو دەنگی بێدەنگیدا دەیان چرپان**

**(پاوڵ سایمۆن) ی گۆرانیبێژ و گۆرانی نووس لە 13 ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1941 لە(نیوارك هایتس) نیو جێرسی لە ئەمەریکا لەدایك بووە و لەساڵی 2002 خەلاتی فەخری مەڵبەندی کێنەدی پێبەخشرا.سایمۆن سێ جار زەماوەندی کردووەو ئێستاش لەگەڵ (ئێدی بریکێڵ) دەژێت کە لە 30 ئایاری 1992 وە زەماوەندیان کردووە.سایمۆن چوار منداڵی هەیە ،کوڕە گەورەکەی(هارپەر سایمۆن) گیتارژەنە.**
**سایمۆن لە خێزانێکی جوولەکە لە دایك بووە و سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەری دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی خوێندنی ئامادەیی کاتێك لەگەڵ هاوڕێکەی(ئارت گارفونکێڵ) دەستیان بە گۆرانی وتن کرد.ساڵی 1957 یەکەمین گۆرانیان تۆمار کرد کە بە گوێرەی تەمەنیان سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا. پاش قۆناغی ئامادەیی سایمۆن دەچێتە کۆلیژی (کویتر) هەرچەندە هاوڕێکەی( گارفۆنگێڵ) دەچێتە زانکۆی کۆڵۆمبیا.سایمۆن ئەدەبی ئینگلیزی تەواو دەکات ،گەرچی زیاتر حەزی لە مۆسیقا بوو.لە نێوان 1957-1964 سایمۆن زیاتر لە 30 گۆرانی نوسی و تۆمار کرد و بڵاوکردەوە.سایمۆن زۆربەی گۆرانیەکانی شەش ساڵی پاش ساڵی 1957 یان لەگەڵ ( گارفۆنگیل) یان لەگەڵ مۆسیقاری تردا تۆمار کرد.سایمۆن بەردەوام دەبێت لە بەخشش و داهێنان تەنانەت دەبێتە سەرنجڕاکێش لە نێوەندی مۆسیقای خەڵکی لە نیویۆرك. سایمۆن ئیتر لە نێو کاروانی مۆسیقای ئەمریکی وەکو ئەستێرەیەك لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی هەدا نادات و تەنانەت دووا بەرهەمی ساڵی 2006 بە ناوی (سەرسوڕمان)ەوە بڵاو دەکاتەوە.**

**سایمۆن** 24 **ئەلبومی لە نێوان** 1968–1990 **بلاو کردۆتەوە و ئەمە بێجگە لەو ئەلبومانەی کەلەگەڵ کەسانی تردا تۆمار کردووە.**

**تێبینی/ ئەم شیعرەی سایمۆن لە کتێبی(کتێبی گۆرانییەکانی پاوڵ سایمۆن ) بلاو کراوەتەوە کەلە ساڵی** 1965 **دا لە بەریتانیا بلاو بۆتەوە.**

**سەرچاوەکان:**

1- http://en.wikipedia.org/wiki/Paul_Simon

2- http://freespace.virgin.net/r.kent/books.html